# هاوسەرگیری

## سونبولی خۆشەویستی و هێلانەی وەفاداری یە


ئامادەكردنی

پشتیوان محمد


==========================================


**سایتی بەهەشت**

www.ba8.org

**هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ**

**١٤٢٨ --- ٢٠٠٧**



مافی بڵاوكردنەوەی بۆ هەموو سایتێكە بەمەرجێ دەستكاری نەكرێت


==========================================

بسم الله الرحمن الرحيم

**دیارە ژیان ڕەوڕەوەی بەردەوامە وەمرۆڤ بە چەندەها قۆناغ تێ دەپەڕێ كە هەرقۆناغێك لەگەشەی مرۆڤ زۆر جیاوازە لەوەكەی دیكەی وە هەر قۆناغێكیش سوودی خۆی هەیە وەیەكێك لەو قۆناغانەش (قۆناغی لاوێتی )ە.كە لاو چەندەها حەزو ئارەزووی هەمەجۆری تێدا چەكەرە دەكات وەچەندەها پرۆژەش لە خەیاڵی دێتە جووڵە یەكێك لەو پرۆژانەش (پرۆژەی هاوسەرگیری )ە. كە ئاینی پبرۆزی ئیسلام بەرنامەیەكی زۆر جوانی بۆ داڕشتووە كە ئەم پرۆژەیە بەجوانترین شێوە ڕازاوەتەوە وەپڕە لەسوودی هەمە لایەنە ، خوای گەورە دەفەرموویێت ﴿وَأَنكِحُوا الْأَيَامَى مِنكُمْ وَالصَّالِحِينَ مِنْ عِبَادِكُمْ وَإِمَائِكُمْ إِن يَكُونُوا فُقَرَاء يُغْنِهِمُ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ﴾ .**

**ووشەی ( الْأَيَامَى ) لە زمانەوەنیدا واتە ئەو كەسانەی كە نەچوونەتە دونیای هاوسەر گیریەوە لە هەردوو ڕەگەزی نێرومێ .**

**وە ابن سيدة دەڵێت الايم واتە: ئەو ئافرەتانەی كە مێردیان نەكردووە وە ئەو پیاوانەی كە خێزانیان نی یە**

# سوودەکانی هاوسەر گیری

## هاو سەرگیری چەندەها سوودی دونیا ی وئاینی هەیە لە وانە

١-هاوسەرگیری یەکێکە لە نازو نیعمەتەکانی خوا بەسەر بەندەکانییەوە وەکو دەفەرمووێت:﴿وَمِنْ آيَاتِه أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾ سورة الروم (٢١)

واتە : یەکێک لەنیشانەکانی خوای گەورە ئەوەیە کەلەخۆتان ئافرەتی بۆ دروست کردوون (مەبەست حەوایە کەلەپەراسووی ئادەم دروست کراوە) بۆ ئەوەی ببن بەهۆی پشوو و ئارامی بۆ پیاوان، وەسۆزو بەزەیی و خۆشەویستی خستۆتە نێوانتانەوە، بەڕاستی لەم شتەدا چەندەها نیشانەی گەورەیی خوای گەورەی تێدایە بۆ کەسانێک کەبیربکەنەوە.

لە م ئایەتە پیرۆزەدا خوای پەروەردگار فێرمان دەکات کە هاوسەرگیری مۆڵگەی دڵنیای ودڵنەوای یە وە هەروەها هاوسەرگیری کردووە بە پۆشاک وەکو خوای پەروەردگار دەفەرمووێت : ﴿هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ﴾ البقرة (١٨٧) واتە : ئەوان پۆشاکن بۆ ئێوە و ئێوەش پۆشاکن بۆ ئەوان

وەهەروەها بە کێڵگە ناوی بردووە وەکو دەفە رمووێت : ﴿نِسَآؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُواْ حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ ...﴾ سورة البقرة (٢٢٣) واتە : ژنانی هاوسەرتان کێڵگەن بۆتان شوێنی چاندنی وەچەن ، جا بەهەر شێوەیەک دەتانەوێت تۆو بوەشێننە ناو کێڵگەکەتانەوە .

٢-هاوسەرگیری لە ڕێبازی پێغەمبەرانە (سلاوی خوایان لێ بێت )وەکو خوای پەروەردگار دەفەرمووێت : ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلاً مِّن قَبْلِكَ وَجَعَلْنَا لَهُمْ أَزْوَاجًا وَذُرِّيَّةً .....﴾ سورة الرعد(٣٨)

وەپێغەمبەر موسی (سلاوی خوای لێ بێت )چەندەها ساڵ شوانی کردووە لە بەرامبەر مارەیی هاوسەرەکەیدا وەکاتێک کۆمەڵێک لە هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەری مەزن (صلی اللە علیە وسلم ) پرسیاریان لەخێزانەکانی پێغەمبەر کرد دەربارەی پەرستشەکانی پێغەمبەری پێشەوا(صلی اللە علیە وسلم )بۆیان دەرکەوت بەراورد لەگەڵ خۆیاندا ئەمان زۆر کەم تەرخەمن بۆیە یەکێک لە بڕیارەکانیان ئەوە بوو کە ژن نەهێنن...................

لە پاشان کە پێغەمبەر(صلی اللە علیە وسلم) ئەم هەواڵەی پێ گەیشت چووە سەر مینبەرو فە رمووی (مابال اقوام قالوا كذا وكذا لكني اصلي وانام واصوم وافطر واتزوج

النساء فمن رغب عن سنتي فليس مني)واتە :ئەوە چیە کۆمەڵێک هاتوون هەندێک قسەیان وتووە پاشان فەرمووی (من نوێژدەکەم ودەیشنوم هەندێک جاریش ڕۆژووی سووننەت دەگرم و نایگرم وەژنیش دەهێنم وەهەرکەسێکیش لە ڕێبازم لابدا ئەوە لە من نی یە )

٣-خوای پەروەردگار فە رمان بەبەندەکانی دەکات کە هاوسەر پێکەوە بنێن وەکو دەفەرموێت :﴿ وَأَنكِحُوا الْأَيَامَى مِنكُمْ وَالصَّالِحِينَ مِنْ عِبَادِكُمْ وَإِمَائِكُمْ إِن يَكُونُوا فُقَرَاء يُغْنِهِمُ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ﴾ سورة النـــــور(٣٢)

واتە : ئێوە هاوسەرگیری بکەن و لەچاکەکانتان بخوازن لەبەندەی پیاوو ئافرەت، وەئەگەر هەژار بن ئەوا خوای گەورە بەفەزڵ و چاکەی خۆی دەوڵەمەندیان دەکات. بەڕاستی دەوڵەمەندی خوای گەورە زۆر فراوانە، وەزۆر زانایە.

٤- پێغەمبەری پێشەوا فەرمانێکی گشتگیر دەکات کە تێدا لاوەکان ئاگادار دەکاتەوە و دەفەرموێت :(یامعشر الشباب من استطاع منکم الباءة فلیتزوج فانه اغض للبصر واحصن للفرج ومن لم یستطع فعلیه بالصوم فانه له وجاء ) رواه مسلم

واتە:ئەی کۆمەڵی لاوان هە رکەسێکتان توانای هاو سەرگیری هە یە بائە نجامی بدات چونکە چاوەکانتان دەپارێزێت لە تاوان وەداوێنتان پاک ڕادەگرێت وەهەرکەسێکتانیش نەیتوانی با ڕووژو بگرێت چونکە ڕۆژوو قەڵغانە )

٥-هاوسەرگیری بەدەستهێنانی باشترین خێری دونیایە عن عبدالله ابن عمر (رضي الله عنه)قال :الدنیا متاع وخیر متاع الدنیا المراة الصالحة )رواه مسلم . واتە :دونیا چێژوەرگرتنێکی کاتی یە وە خێرترین چێژورگرتنێکیش ئافرەتێکی لەبارە (باشە )

٦-هاوسەرگیری نیوەی باوەڕە : فقد روی الحاکم عن انس (رضي الله عنه)ان النبی (صلى الله عليه وسلم) قال:من رزقه الله امراة صالحة فقد اعانه الله علی شطر دینه فلیتق الله فی الشطر الثانی . واتە:هەر کەسێک خوا ئافرەتێکی چاکی بە نسیب بکات ئەوە نیوەی باوەڕی بە دەست هێناوە بالە خوایش بترسێ لە تەواو کردنی ئەو نیوەکەی تری

٧- پێغە مبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم )ڕێگری کردووە پێداگری بکەی لە پەرستشدا لە سەر مافی خێزانەکەت وەکو فەرموویەتی بە (عبد اللە کوڕی عەمری کوڕی عاص ) (ڕەزای خوایان لێ بێت) : الم اخبرك انك تصوم النهار وتقوم اللیل فقلت :بلی یارسول الله قال :فلا تفعل صم وافطر وقم ونم فان لجسدك علیك حقا وان لعینك علیك حقا وان لزوجك علیك حقا........

واته : بیستومه كه تۆ بەڕۆژبەڕۆژوویت و به شەو شەونوێژ دەكەی ( عبد الله) ش فەرمووی بەڵێ پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم )فەرمووی :وامەكە ڕۆژوی سونەت بگرەو هەندێک جاریش مه یگره شەو نوێژ بكەو بیشنوو چونكه لاشەت مافی لە سەرتە وەچاوەكانت مافی له سه رته وەهاوسەرەكەتیش مافی له سەرتە ........)

٨- هاوسەرگیری هۆكارێكه بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی خواو ڕەزامەندی ئەو وەكو پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم )فەرموویەتی (ثلاثة حق علی الله عونهم :المكاتب الذی یرید الاداء والناكح الذی یرید العفاف والمجاهد فی سبیل الله ) رواه الترمذی والنسائی وابن ماجه

واتە :سێ كۆمەڵ هەن مافیان بە سە ر خـواوه هەیە كە پاڵپشتیان بكات (........ئەو كه سەی كه هاوسەر پێكەوه دەنێ و مه بەستی داوێن پاكیه.......)

٩- هاوسەرگیری هۆكارێكە بۆ زیادبوونی تاكەكانی كۆمەڵگەو شوێن كەوتوانی پێغەمبەر ﷺ وەكو دەفەرمووێت :(تزوجوا الودود الولود فانی مكاثر بكم الامم ) رواه ابو داود والنسائی

واته :هاوسه رگیری پێک بهێنن لەگەڵ ئەوئافرەتانەی كه به سۆزن و مندالٚیان زۆر دەبێت چونكه بەو بۆنه یەوه شوێن كەوتوانم زۆر دەبن .

١٠- هاوسەرگیری ڕێگره له زۆربەی تاوانەكان چونكه زۆربەی ئەو تاوانانەی كه ڕودەدەن لەلایەن ئەو لاوانەوەیەكه (بێ هاوسەرن)

١١-هاوسەرگیری پارێزەری دەروون و ئارەزووه لە كەوتنە داوی خراپەوه وەكو پێغەمبەری پێشەوا(صلی الله علیه وسلم )دەفەرمووێت :(...فانه اغض للبصر واحصن للفرج )واته :هاوسەرگیری پارێزەری چاو و داوێنه له خراپەكاری )

١٢- هاوسەرگیری زۆرێک لە دەرگای پە رستشەكان والأدەكات بۆ پیاوان وژنانیش كە بەتەنها لەم پـرۆژه دەستیان دەكەوێت وەكو پێكەوەنانی ژیانێكی خۆشبەختانه و دروست وەهەروەها ئامۆژگاریكردنی یەكتر وەدەستەبەركردنی مافی یەكتر وەسۆزو بەزەیی لە نێوانیاندا كە ئەمانە هەمووی هۆكاری نزیک بوونەوەن لە خوای گەوره بەڵكو تەنانەت جوتبونیان پاداشتی لە سە ر وەردەگرن وەكو پێغەمبەری پێشەوا (صلی الله علیه وسلم) دەفەرمووێت:( وفی بضع احدكم صدقة قالوا : یارسـول الله ایاتی احدنا شهوته ویكون له فیها اجر ؟قال: ارایتم لو وضعها فی حرام اكان علیه وزر ؟فكذلك اذا وضعها فی الحلال كان له اجـر ) واتە :چوونه لای خێزانتان پاداشتی لە سەره هاوەڵە

**بەرێزەکانیش فە رموویان :ئەی پێغەمبەری خوا ئایا وەلأمدانەوەی ئارەزووکانمان (جیماع کردن )پاداشتی لە سەرە ؟پێغەمبەریش فەرمووی :ئەی ئەگەر هاتوو ئەو ئارەزووەی لە شوێنێکی قەدەغەکراوداجیٚ بەجێکرد ئایا تاوانی لە سەر نی یە؟ بە هەمان شێوە ئەگەر لە شوێنێکی حەلأڵدا دایبنیٚ پاداشتی لەسەرە .**

## پێشینان وپرۆژەی هاوسەرگیری

**لە بەر ئەوەی پێشینانی ئەم ئومەتە زیاتر بایەخیان داوە بە رێبازی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) وەلەکردەوەکانیان دا زۆر بە جوانی رەنگی داوەتەوە بویە دەبینین زیاتر سووربون لە سەر پێکەوەنانی ژیانی هاوسەرێتی**

روی البخاری عن سعید بن جبیر قال : قال لی ابن عباس :هل تزوجت ؟ قلت لا قال : فتزوج فان خیرهذه الامة اکثرها نساء . **واتە : لەسعیدی کورِی جوبیرەوە ووتی : ابن عباس پیٚ ووتم : ئایا ژنت هێناوە ؟منیش ووتم : نەخێر ئەویش ووتی : ژن بهێنە چونکە چاکترینی ئەم ئومەتە ئەوانەن ژن زۆر دێنن .**

روی عن میسرة انه قال قال لی طاوس : لتنکحن او لاقولن لك ما قال عمر لابی الزوائر : ما یمنعك من النکاح الا عجز او فجور . **واتە : لە (مەیسرەوە )وتوویەتی ( طاوس) پیٚ وتووم : ئەبێت هاوسەر پێکەوە بنێت ئەگەر نا ئەوەت پیٚ ئەڵێم وەکو ئەوەی کە ئیمامی ( عمر ) بە (ابو زوائر ) وتوویەتی : هیچ شتێک رێگریت لیٚ ناکات لە هاوسەرگیری مەگەر بیٚ دەسلأتی و بیٚ دینی نەبێت**

روی عن طاوس انه قال : لایتم نسك الشاب حتی یتزوج . **واتە : پەرستشی لاوان تەواو نی یە تاوەکو هاوسەر پێکەوە نەنێن**

"روی عن ابن مسعود (رضی الله عنه ) انه قال : لو لم اعش او لم اکن فی الدنیا الاعشرا لاحببت ان یکون عندی زوجة "**واتە : مەگەر نەژیم یان بزانم کەدە رۆژ دەژیم ئەوە حەزم دەکرت کە هاوسەرێک پێکەوە بنێم**

نقل ابن قدامة عن الامام احمد ایضا انه قال : من دعاك الی غیر التزویج فقد دعاك الی غیر الاسلام . **واتە : هەرکەسێک بانگی کردی بۆ دوورکەوتنەوە لە هاوسەرگیری ( ژن هێنان ) ئەوە بانگی کردووی بۆ نەفامی ودوور لە دینی .**

كان يعقوب يدخل على المهدى ليلا ويرفـــع اليــــه النــــصائح فى الامـــور الحـــسنة الجميلـــة .............وتقوية الغزاة وتزويج العزاب . واته : پیاوچاكێک بەناوی (یعقوب ) ڕەزای خوای لێ بێت دەچووە لای گەورەی موسڵمانان (مهدی) بۆ ئامۆژگری کردن لەبواری چاکەکردن وهاندانی لاوان بۆ هاوسەرگیری

## شەرع ناسان و پرۆژەی هاوسەرگیری

زانایان و شەرع ناسان بەدرێژای مێژووی ئیسلامی چەندەها باس و خواس و ئاماژەیان کردووە بۆ ئەم پرۆژە پیرۆزە لە نێو پەرتۆکە کانیاندا لەوانە

**كمــال ابــن الهمــام** لەشەرحی (فتح القدير)دا دەفەرمووێت : هاوسەرگیری نزیکترین کردەیەکە لە پەرستشەکان بە شێوەیەک کە سەرقاڵبوون بەهۆیەوە زۆر باشترە لەنەبوونی وەژیانی پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ بێت ) باشترین پێشەنگە بۆ هەموو لایەک کە هەموو پێغەمبەران تا کەناری مردن خاوەنی هاوسەربوون کەئەمەش بەڵگەیە لە سەر پیرۆزی و گەورەی (پرۆژەی هاوسەرگیری )

وەئەگەر ووردبینەوە لەدەرئەنجامە باشەکانی ئەم پرۆژەیە بۆمان دەردەکەوێت کەپڕە لەکردەوەی جوان و بەسوود وەکو (پالاوتنی ڕەوشت و فێربوونی ئارام گرتن لەگەڵ ژیان و خیزاندا —بەخێوکردن وپەروەردەی منداڵ — پاکی و خۆپاراستن لە داوێن پیسی ...........

وەهەروەها (**ابن رشد** )دەفەرمووێت : بەڵام هاوسەرگیری بەشێوەیەکی گشتی کردەیەک و پرۆژەیەکی زۆر پێویستە .... بەڵام ئەگەر هاتوو لاوێک لە خۆی دەترسا کە بکەوێتە داوی تاوان وداوێن پییسیەوە ئارامی لە سەر ناکرێ ئەوە پێویستە زۆر بەزووی ئەم کردەیە ئەنجام بدات چونکە واجب دەبێت لەسەری .

**الكاسانى** دەفەرمووێت : جیاوازی و دوودڵی تێدا نیە کە هاوسەرگیری پێویستە وەهەرکەسێک زانی کە تووشی تاوان دەبێت و ئارام لەسەر بێ ژنی ناگرێ وتوانای ژن هێنانیشی هەیە ئەوە تاوان بار دەبێت ئەگەر نەیهێنێ

ئیمامی( **قــرطبيش** ) دەفەرمووێت : ئەو کەسەی توانای ژن هێنانی هەیە وەدەترسێ بکەوێتە داوی شەهوەت بازی وتاوانەوە ئەوە پێویستە لە سەری کە ژن بهێنێ .

**شيخ الاسلام ابن تيمية** دەفەرمووێت : ئەگەر هاتوو مرۆڤ پێویستیکرد و حەزی لەژن هێنان بوو وەزانی بە نەهێنانی تووشیبەڵە و تاوان دەبێت ئەوە پێویستە ژن بهێنێ پێش حەج کردن بەڵام ئەگەر زانی تووشی تاوان نابێت ئەوە با حەجەکەی لە پێشدا ئەنجام بدات .

## تێڕوانینی کۆمەڵگەکان بۆ هاوسەرگیری

هاوسەرگیری لەناخی مرۆژدا ڕواوە لەگەڵ دروستبوونیدا بۆیە دەبینی هەموو گۆمەڵگەکان بەهەمان شێوە بایەخیان پێداوە وەبەگرنگیان ژماردووە لەبەربوونی چەندەها سوودی هەمە لایەنە کە لەم پرۆژەیەدا تێدا بەرهەم وە تەنانەت ئەگەر چاوێک بخشێنین بەمێژووی ئەو گۆمەڵگانەی کە مووسڵمانیش نەبوون دەبینین ( **هاوسەرگیری** ) پرۆژەیەکی زۆر پیرۆزو جوان بووە لە نێوانیاندا بەڵکو لە بیرو باوەڕی هەندێکیاندا وابووە کەهەرکەسێک مردبێ و ژنی نەهێنابێت ئەوە ئەو کەسە لە سۆزو بەزەیی خوا دەرچووە

بۆنموونە لەساڵی ١٦٦١ زایینی دا لویسی چواردەمین بڕیارێکی دەرکرت بە لێبووردنی تەواوەتی بۆ ئەو کەسانەی کە هاوسەریان پێکەوە ناوە و تەمەنیان لەنێوان ١٥-٢٥ساڵە وەلەساڵی ١٧٩٨ زایینی دا یاسایەکی بەرقرارکرد بەدانانی باج لە سەر ئەو کەسانەی کەتەمەنیان لەسەرووی بیست ساڵەوە بێت وهاوسەریان پێکەوە نەنابێت

وەلەسەردەمی نوێشدا نووسەرێکی وەکو (ول دیورانت) دەڵێت :

مرۆڤەکان لەڕابردوودا هاوسەریان زوو پێکەوە دەنا وەئەمەش لە ڕاستیدا چارەسەرێکی دروستە بۆ زۆرێک لە کێشە سێکسیەکان بەڵام لەم ڕۆژگارەدا هاوسەرگیری دوادەخرێت بەڵکو هەندێک کەس هەن هەر ئامادەنین خێزان پێکەوە بنێن وەئەو دەوڵەتانەی کەیاسا دادەڕێژن بۆ کارئاسانی لە پرۆژەی هاوسەرگیری ئەوە بەڕاستی توانیویانە بچنە قولایی کێشەکانەوە بەتایبەتی کێشەی سێکسی وپاشان چارەسەرکردنی .

## دەرئەنجامە باشەکانی زوو هاوسەر پێکەوە نان

**١- بەدەست هێنانی سوودەکانی هاوسەرگیری وەکو لە پێشەوە ئامەژەمان پێکرد**

**٢- دەربازبوون لە گێچەڵی شەهوەت بازی** : زۆریک لەلاوانی کوڕ وکچ لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا دەناڵێنن بە دەست ئارەزووبازی یەوە بەتایبەتی ئەگەر هاتوو تەمەنیان بەسەر چووبێت ئەوە تووشی دوو ئەنجام دەبنەوە کە سێیەمیان نی یە یان ئەوەتا ئەبێت بکەونە

شکاندنی سنووری قەدەغەکراوەکانەوە یان خوای پەروەردگار دەیانپارێزێت و دەکەونە بەرەنگاری حەزو ئارەزووەکانیانەوە بە بەردەوامی لەم بەرەنگاریە دەمێننەوە .

٣- **بەرقراربوونی باری دەروونی و جەستەیی** : چونکە هاوسەرگیری مۆڵگەی سۆزو ئارامی و دڵنەوای ودڵنایی یە وەگو خوای پەروردگار دەفەرمووێت :﴿**وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ**﴾
سورة الروم (٢١)

واتە : یەکێک لەنیشانەکانی خوای گەورە ئەوەیە کەلەخۆتان ئافرەتی بۆ دروست کردوون (مەبەست حەوایە کەلەپەراسووی ئادەم دروست کراوە) بۆ ئەوەی ببن بەهۆی پشوو و ئارامی بۆ پیاوان، وەسۆزو بەزەیی و خۆشەویستی خستۆتە نێوانتانەوە، بەڕاستی لەم شتەدا چەندەها نیشانەی گەورەیی خوای گەورەی تێدایە بۆ کەسانێک کەبیربکەنەوە.

وەلێکۆڵینەوە نوێە کان ئاماژە بۆ کاریگەریو سوودی هاوسەرگیری دەکەن لەسەر بەرقراربوونی باری دەرروونی و جەستەی وکۆمە لایەتی لە سەر خاوەنەکەی وەکو یەکێک لە نووسەرە ئەوروپییەکان دەڵێت : قەیرەیی خاوەنەکەی تووشی باری دەروونی و سیفەتی خراپ دەکات ، بەڵکو بێسۆزی و توڕەیی و توندڕەویی لە ناخی مرۆڤدا دەڕوێنێ وەهاوسەنگ نابێت لەژیانیدا

٤- **هەست کردن بەبەرپرسیارێتی** : زانست و پروەردەکردن لەم ڕۆژگارەدا وا ژیانی لاوان دادەڕێژێت کە پشت بە جگە لە خۆیان ببەستن بۆیە لاوێک ١٦ساڵ دەخوێنێ وبەدرێژای ئەم تەمەنە قورسایی دەخاتە سەر ماڵەوەیان وپارەیەکی وای لەلایەن حکومەتەوە بۆ دابین ناکرێت کە بتوانێ ژیانی خۆی دابین بکات لەبەر ئەوە هاوسەرگیری لاو دەکاتە خاوەن بەر پرسیارێتی و خۆی هەوڵ بۆ خۆی ئەدات

٥- **پەروەردەکردنیکی ڕاست ودروستی منداڵان** : ئەگەر هاتوو لاو زوو هاوسەری پێکەوە نا ئەوە بێگومان تەمەنی خۆی لەگەڵ تەمەنی منداڵەکانی ئێجگار جیاواز نابێت بە شێوەیەک کە لە کێشەی منداڵکانی تێ نەگات هەست بە نارەحەتیەکانی نەکات

٦- **هاوکاری منداڵان بۆ دایکان و باوکان** : زوو ژن هێنان بە رهەمی ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە منداڵیان زوو پێبگات و زوو گەورە بن بەشێوەیەک کە ئەو منداڵانە ئەتوانن قورسایی کاروباری ناوماڵ تەنانەت دەرەوەی ماڵیش لە سەر باوک و دایکیان سووک بکەنەوە

**٧- بەدەست هینـانی منـداڵی چـاك (صـالح)** : بەڕاستی زوو هاوسەر پێکەوەنان زۆر جار بوار لەبەردەم دایک و باوک فەراهەم دەکات کە بە جوانی و دروستی منداڵەکانیان پەروەردە بکەن بێ گومان لە ئەنجامی ئەمەشدا منداڵەکانیان چاک (صالح) ئەبن کە ئەمەش بەرهەمێکی پڕ خێر وفەڕە بۆ دایکان و باوکان تەنانەت دوای مردنیشیان وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(اذا مات الانسان انقطع عنه عمله الا من ثلاثة صدقة جارية او علم ينتفع به او ولد صالح **يدعو له** ) رواه مسلم

واتە : مردوو لە دوای خۆی کردوەکانی پێ ناگات تەنها لە سێبواردا نەبێت : خێرێکی نەبڕاوە یان زانستێک کە لە دوای خۆی سوودی لێوەربگیرێ یان منداڵێکی چاکەکار کە دوعای خێری بۆ بکات

٨-زوو منـداڵبوون :زوو هاوسەرگیری زوو منـداڵبوونی لێ دەکەوێتەوە وە زوومنداڵبوونیش لێهاتووی و زیرەکی لە منداڵەکەدا فەراهەم دەکات وەکو ماوردی دەڵێت :(چاکترین و لێهاتووترین منداڵ لە ڕووی جەستە و ڕەوشتەوە ئەو منداڵەیە کە دایکی تەمەنی لە نێوان بیست تا سی ساڵدایە )

والسلام عليكم

==========================================

## سایتی بەهەشت

www.ba8.org

**هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ**

٢٠٠٧ --- ١٤٢٨

==========================================